چالاکوانی سیاسی شنیار ئەنوەر بە فەرمی کاندیدبوونی خۆی بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند

چالاکوانی سیاسی شنیار ئەنوەر بە فەرمی کاندیدبوونی خۆی بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

چالاکوانی سیاسی شنیار ئەنوەر بە فەرمی کاندیدبوونی خۆی بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بازنەی سلێمانی بە هەڵبژاردنی داهاتوو ڕاگەیاند.

شنیار ئەنوەر لە کورتەیەکی ڤیدیۆیی لەبارەی کاندیدبوونی لەسەر لیستی یەکێتیی گووتوویەتی:

"هەموولایەک دەزانێت چەند ڕەخنەم لە یەکێتیی و خودی بافە تاڵەبانی و قوباد تاڵەبانی و سەرکردایەتی یەکێتیی کردووە، بەڵام بەچوونەکانی منیان پێ ڕەوابوو، کاندیدبوونم لەسەر لیستی یەکێتیی ئەو دیاردەخات کە یەکێتیی تەنها ماڵەک نییە بە ئەندامانی".